# شوێنەوارى بەندايەتى لەسەر مرۆڤ و بونەوەردا

[ بە كوردى ]

# آثار العبادة على الخلق
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# شوێنەواری بەندایەتی لەسەر مرۆڤ و بونەوەردا

سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بۆ ڕەوانەکردووین و فەرمانی پیّ کردووین دەستی پێوەبگرین تا مردن: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ } آل عمران:102.

وەئەوە وەسیەتی ئیبراهیم و یەعقوبە ـ علیهم السلام ـ بۆ مندالّەکانیان: { وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ } البقرة:132.

بەندایەتی کردن بەشێوەیەکی گشتی پێویستێکی مرۆڤایەتیە، وەیەکێکە لەو زك ماکیانەی ( فطرة ) کەخوای گەورەخەڵکی لەسەر داناون، وەبەندایەتی کردن دەبێت لەڕێگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بێت، ئەو ئاینەی کەخوای گەورە هیچ ئاینێکی تر وەڕ ناگرێت تەنها ئیسلامنەبێت ، چونکەخوای گەورە تەنها بەو ئاینە ڕازیە،خوای گەورەدەفەرموێت : {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإسلام} (آل عمران: 19) وەدەفەرموێت : {وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإسلام دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} آل عمران:85.

ئەگەر جێگر بوو کەوا ئاینی ئیسلام تاکە ئاینە کە خوای گەورەپێی ڕازیە، دەبێت مرۆڤ بزانێت کەوا یەکێکە لەدروستکراوەکانی خوای گەورە، وە ڕێز و بەختەوەری لەپابەند بونیەتی بەو ئاینەوە، چونکەخوای گەورە ڕێزی لەمرۆڤ ناوەو هەڵبیژاردوە بەسەر هەموو دروستکراوەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً} الإسراء:70 .

گرنگترین شوێنەواری بەندایەتی کردن بریتیە لەوەی مرۆڤ بزانێت کە ئەم بونەوەرە دروست کار و بەڕێوەبەرێکی هەیە، وەهیچ شتێك نیە لەم

بوونەوەرەدا ئیلا بەفەرمانی خوای گەورەوە بەڕێوە دەچێت، خوای گەورەدەفەرموێت:{ألا له الخلق والأمر} الأعراف:54.

وەلەپاش ئەوەی مرۆڤ زانی کەخوای گەورە دروستی کردوە، ئەبێت بزانێت مەبەست لەدروست کردنی چیە، بێ گومان مەبەستەکە بریتیە لە بەندایەتی کردنی خوای گەورە، چونکە جنۆکەو مرۆڤ دروست کراون بۆ بەندایەتی کردنی خوا، خوای گەورە دەفەرموێت :{ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ } الذاريات: 56. وەدەفەرموێت:{أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثاً} المؤمنون:115.

وەلە بەندایەتی کردنی خوای گەورە شەرەف و عیزەت و بەختەوەری دونیا و قیامەتی تێدایە بۆ مرۆڤ، چونکە هەر مرۆڤە پێویستیان بەپەروەردگاریانە، وەناتوانن بەهیچ شێوەیەك دەسبەردانی خوای گەورە ببن، وەخوای گەورە پێویستی نەبەدروستکراوەکانیەتی و نەبەبەندایەتی کردنیان، خوای گەورەدەفەرموێت: { إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ } الزمر: 7، وەدەفەرموێت: { وَقَالَ مُوسَى إِن تَكْفُرُواْ أَنتُمْ وَمَن فِي الأَرْضِ جَمِيعاً فَإِنَّ اللّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ } ابراهيم:8.

بەندایەتی بریتیە لە: نزیك بوونەوە لەخوای گەورە بەپابەند بوون بەوشەرعەی کەدایناوە بۆ بەندەکانی لەڕێگەی ئەو کردەوەو قسانەی کەبائاشکرا یان نهێنی دەکرێن، وەمافێکی خوای گەورەیە لەسەر دورستکراوەکانی و سودەکەشی هەر بۆ خۆیانە، وەئەو کەسەی نایەوێت بەندایەتی خوا بکات ئەوەموستکبیرە، وەئەو کەسەی هاوبەش پەیدا بکات بۆ خوای گەورەلەکاتی بەندایەتی کردندا ئەوەموشریکە، وەئەو کەسەی خوای گەورەبپەرستێت بەبێ شەرعی خوا ئەوەموبتەدیعە، وەئەو کەسەی تەنها بەندایەتی خوای گەورەبکات بەو شەرعەی کەدایناوەئەوەموەحیدە.

مادام بەندەکان پێویستیان بەبەندایەتی کردنە، وەناتوانن بۆ خۆیان بگەنە ڕاستیەکان کەببێتەمایەی ڕەزامەندی خوای گەورەو بەو شێوەی کە خوای گەورە دەیەوێت، بۆیە پێغەمبەرانی بۆ ئەو مەبەستە ڕەوانەکردوەو کتێبەکانی دابەزاندوە بۆیان، بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو بەندایەتیە ڕوون بکەنەوە بۆیان، خوای گەورە دەفەرموێت:: { وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ

الطَّاغُوتَ } النحل: 36. وەدەفەرموێت : { وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ } الأنبياء:25.

وەئەوەی لابدات لەو ڕێیەی کەپێغەمبەران علیهم السلام ڕونیان کردوەتەوەو کتێبەکان دابەزیون بۆ چۆنیەتی کرنی بەندایەتی خوای گەورە، وەئەگەر بەندایەتی بکات بە ئارەزووی خۆی و بەو شێوەی کەشەیتانەکانی مرۆڤ و جنوکە بۆی ئەڕازێننەوە، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە گومڕان و بەندایەتی کردنیان لەڕاستیدا بەندایەتی کردنی خوای گەورە نیە، بەڵکو بەندایەتی کردنی هەوا و ئارەزووی خۆیانە، خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: { وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ } القصص:50.

ئەو بەندایەتیەی کەخوای گەورە دەیەوێت لەسەر چەند بنچینەیەك جێگرن و کورتی دەکەینەوەلەم چەند خاڵەدا :

یەکەم: بەندایەتی کردن تەوقیفیە، واتە هیچ مەجالی تێدا نیە بۆ بۆچون و هەواو ئارەزو، وەدەبێت تەنها خوای گەورەدابنێت یان پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم ، هەر چۆن خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: { فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ } هود:112، وەدەفەرموێت : { ثُمّ جَعَلنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الأمر فاتّبِعها ولا تَتّبع أهَواءَ الذينَ لا يَعلمُون } الجاثية: 18. وە بە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: { إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ } الأنعام :50 .

دووەم: بەندایەتی کردن دەبێت تەنها بۆ خوای گەورەبێت و دوور بێت لەهەموو جۆرەهاوبەش پەیدا کردنێك، وەکو خوای گەورەدەفەرموێت: { فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً } الكهف:110.

وەئەگەر بەندایەتی کردن هاوبەشی( شیرك ) تێکەڵاو ببێت ئەوە پوچەڵی دەکاتەوە، خوای گەورەدەفەرموێت: {{ وَلَو أشرَكُوا لَحَبِط عَنهُم مَا كانُوا يَعَملُون } الأنعام: 88، خوای گەورەدەفەرموێت: { وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى

الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ( 65) بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ } الزمر:65،66.

سییەم: دەبێت سەرمەشق( قدوة )لەبەندایەتی کردن و ڕوونکردنەوەی تەنها پێغەمبەری خوا بێت صلى الله عليه وسلم ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: { لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ } الأحزاب: 20، وەدەفەرموێت: { ومَاءَ اتاكُمُ الرّسُولُ فَخُذُوهُ وما نَهاكُم عَنهُ فانَتّهُوا } الحشر:7. وەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت :(( من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رده )) ، وەدەفەرموێت :(( صلوا كما رأيتموني أصلي )) ، وەدەفەرموێت: (( خذوا عني مناسككم )).

چوارەم: بەندایەتی کردن دیاری کراوەبەکات و چەندێتی، نابێت زیادەڕەوی تێدا بکرێت وەکو نوێژ بۆ نموونە، خوای گەورەدەفەرموێت: { إن الصّلاةَ كانَتَ على المُؤمِنِينَ كِتاباً مَوقُوتاً } النساء:103. هەروەها وەکو حەج، خوای گەورەدەفەرموێت:{ الحَجُ أشهُرٌ مَعلومَاتٌ } البقرة: 197. وە وەکو ڕۆژو، خوای گەورەدەفەرموێت: { شَهرُ رمَضَانَ الّذي أنزلَ فيهِ القُرءَانُ هُدًى للنّاسِ وبَيناتٍ مِنَ الهُدى والفُرقان فَمنَ شَهدَ مِنكُمُ الشَهرَ فليَصُمهُ } البقرة:185.

ئەم جۆرە بەندایەتیانە ڕاست و دروست نابێت ئەگەر ئەنجام بدرێت لەغەیری ئەو کاتانەی کە دیاری کراوە بۆیان.

پێنجەم: دەبێت بەندایەتی کردن لەسەر بنەمای خۆشەویستی خوای گەورە بێت و ملکەچ بوون بۆی و هەروەها لەسەر بنامای ترس و تکا بێت،خوای گەورە دەفەرموێت: { أولئِكَ الّذِينَ يَدعُونَ يَبتَغُونَ إلى رَبِهِمُ الوَسِيلَةَ أيّهُم أقرَبُ وَيَرجُونَ رَحمَتَهُ ويًخافُونَ عَذابَهُ } الإسراء: 57. وەدەفەرموێت لەبارەی پێغەمبەرانیەوە عليهم السلام: { إنّهُم كَانُوا يُسَارِعُونَ في الخَيَراتِ ويَدعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وكانُوا لنا خَاشِعِينَ } الأنبياء:90]. وەدەفەرموێت: { قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (31) قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ } آل عمران:31،32.

خوای گەورەباسی نیشانەکانی خۆشەویستی بەروبومەکانی خۆیمان بۆ دەکات.

بەنسبەت نیشانەکانی خۆشەویستی خوا بریتیەلە:

گوێڕایەڵی خوای گەورەو گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم .

وەبەنسبەت بەروبومەکانی خۆشەویستی خوای گەورە:

بریتیەلەبەدەسهێنانی خۆشەویستی خوای گەورەو لێخۆشبوونی لەتاوانەکان و بەزەیی خوای گەورە.

شەشەم: بەندایەتی کردن لەسەر موکەلەف لاناچێت لەکاتی باڵغ بونیەوە تا وەفات کردنی،خوای گەورە دەفەرموێت: { وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ } آل عمران: 102، وەدەفەرموێت: { واعَبدَ ربَكَ حتَى يأتِيك اليَقِين } الحجر:99.

بەڕێزان: لەپاش ئەوەی زانیمان کەڕاستی بەندایەتی تەوا و دروست چۆنە، دەبێت ئەوە بزانین کە بەندایەتی کردنی خوای گەورە شوێنەواری گەورەی هەیە لەسەر چاك بونی تاك و کۆمەڵ و بونەوەر بەگشتی، بەسنبەت شوێنەواری بەندایەتی لەسەر بونەوەڕ و هەموو مرۆڤایەتی بریتیە لەوەی کە هۆیەکە بۆ ڕێکخستنی بونەوەر و چاك بوونی، وەڕێگایەکە بۆ بەختەوەری مرۆڤ و بەرز بوونەوەی لەدونیا و دوارۆژدا، وەهەر کاتێ خەڵکی نزیك بوون لەبەندایەتی کردن ، ئەوە بوونەوەر نزیکە لەچاك بوون، وەئەگەر بەپێچەوانەبوو ئەوە بونەوەر ڕوو لەخراپی و تێکچوون دەکات، بەتایبەت کاتێك خەڵکی خەریکی تاوان و بەد ڕەوشتی بن و وازیان هێنا لەواجبات و گوێڕایەڵی کردن ، ئەوە نیشانەیەکە بۆ تێك چونی بونەوەر و لەناوچوونی، وەئەگەر دیقەت بدەین لەهاتنی رۆژی قیامەت دەبینین کەوا لەئەو کەسانەوە دەس پێ دەکات کە پیسترین خەڵکن، وە لەبونەوەردا هیچ نابیسرێت تەنها وشەی " الله الله " نەبێت، ڕاستی ئەو بۆچونەمان بۆ دەردەکەوێت.

وەبەندایەتی کردنی خوای گەورە تاکە ڕێگایە بۆ ڕێکخستنی دەرونی مرۆڤایەتی و تاکەڕێگایەکەبۆ دەرنەچونی مرۆڤایەتی بەسەر شەرعی خوای

گەورە، خوای گەورەدەفەرموێت: { إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر}العنكبوت: 45.

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەروەبمان کاتەئەو بەندانەی کەبەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەندایەتی بۆ دەکەن و لەگوناهەکانی هەموو لایەك خۆش بێت.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين